# زاڵگەی پشکنین



سالار ئیسماعیل سەمین

کەس ناتوانێ بەرهەڵستی لەو راستییە بکا. کە خوێن هامێنی ژیانە لەم دەڤەرەدا.

(خوێن+خوێن+خوێن+خوێن= چوار وەرزی خوێن=ژیان)

*ئاگات لێیە هیچ حسابێك بۆ من ناکەی..؟

ئەوە چەندین جارە ئەڵێم نەڕۆی.. نەڕۆی.. نەڕۆی.. هەر دەڕۆی..!!!

بەڕاستی نەگبەتو کەللەڕەقو سەرەڕۆی.

(ئەم شەو لەخەوما چۆمەکەی (قوشە چاپان)نم بینی. ئەم رووخو ئەو رووخ هاتبوو. لەگەڵ هەموو شەپۆلێکدا بەدەیان کەللەسەری ئادەمیزاد. دەکەوتنە سەر روخی روبارەکە. ئاوی روبارەکە سوورێکی لێڵ بوو. هەموو کەللەسەرەکان پێدەکەنین کەللەسەرێك زۆر سەرنجی راکێشام. دوو چاوی خێل.. لچێکی شۆڕ. بەران لوتێکی ژێرمل گۆشتینو پرچێکی لولی خڕنوکی رەنگ. لەگەڵ هەموو پێکەنینێکدا قاقایەکی بۆ دەکرد. ئەم کەللە زەبەلاحە وا دیارە لەپاشماوەی تەقینەوەیەك بەجێماوە. سەیر لەوەدا بوو پاش مردنەکەشی بەشەرمەوە پێدەکەنی).

*دەستی منو دامێنی تۆ نەڕۆی.
لەگەڵ تەققەی دەرگای حەوشەکەدا هاواری کرد:
*منو تۆ یەکتر دەبینینەوە برۆ خوات لەگەڵ.
چەند هەنگاوێك دەرگای حەوشەکەی بەجێ هێلا. لەشوێنەکەی خۆیدا راوەستاو دۆش داما. دوو دڵبوو لەڕۆشتنەکەی. وەرچەخا دوو هەنگاو گەڕایەوە. ئاوازی کەللەڕەقی لەنێو شانەکانی مێشکیدا لەشوێنەکەی خۆیدا رایگرد. جارێکی تر وەرچەرخاو راستە شەقامەکەی گرتە بەر بەرەو گەراجی ئۆتۆمبیلەکان. خەڵکە راوەستاوە کە بەچپەچپ سواربوون. زۆری پێنەچوو بەشێکیان دابەزین. ئەو بەتەنها بەتەنیشت شۆفێرەکەوە ئۆقرەی گرد. لەمێژەوە ئەو کاتەی سواری ئۆتۆمبیل دەبێ. بنەمای دەیان چیرۆك لەمێشکیدا دەچەسپێ. دانشتوانی ئەم شارە زۆر سەیرن ئەو رۆژە بەڕاستە بازاڕەکەدا بەرەو کتێبخانەی سەر ئاوەکە دەڕۆیشتم. بەتەنیشت گروپی هیچ نەزانەکاندا تێپەڕیم. پڕ بەگوێی خۆم بیستم. ئەوەیان بەسەر شۆستەکەوە دانیشتبوو. ووتی:
*تەماشاکەن رەسولی چیرۆکنوسی خەزان سووری ئەدا.
*راستە تەمەن هەنگاو دەنێ بەرەو خەزان. پڕ وابکە هیچ کاتێك لەمردن نەترساووم‌و ناترسم. ژیان خۆی لەخۆیدا وەك هەموو شتێك سەرەتاوو کۆتاییە.
نیو سەعاتێکی مابوو بگەنە زاڵگەی پشکنینی سەرەتای شارەکە. رۆژ تەنها دوو رم بەرزبوو. ئەو رۆژانەی هاتەوە یاد کە دەنگی تەپڵی تاوان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد. هەموو دەسەلاتدارانی ئاسمان لەکلاوڕۆژنەیەکی بچوکەوە تەماشای تاوانەکانیان دەکرد. تەنها بابا زەرادەست نەبێ خۆی دابو بەسەر کەمەی گۆچانەکەیداو فرمێسك لەچاوەکانیدا دڵۆپەی دەکرد. ئەهریمەنو کۆرسی لەخوانەترسان پێدەکەنین. شەقام.. گۆڕەپان.. دیواری ماڵەکان.. کۆلانە تەنگەبەرەکان. قوتابخانەو چاپخانەو راستەقەیسەریو بازاڕەکان.. یانەی مەست مەیەکان. بەر دەرگای مزگەوتو کەلیسەکان. بەر ماڵە سپییە ئەورێشمەکەی نەنە جەواهێرم. نەتڵبوون لەخوێندا.
هەزاران پەڕەسێلکەو ریشۆڵەو کۆترە. کێویلە. بەسەدان سوێسکەو پۆرو کەوی شاخی. بەدەیان قەلەڕەشو داڵو سەرگەر بەسەر شەقامو کۆلانەکانو سنوری شارەکاندا. لەنێو دووکەڵە سپییەکاندا لاڵو پاڵ کەوتبوون ئەو بەتەنها بەتەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبو لەو کاتدا ئۆتۆمبیلەکە خاوی کردەوە. بەدەستی راستی شەقامەکەدا نوسینێکی بینی. نووسینەکە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە تەنها دە کیلۆمەتری ماوە بۆ زاڵگەی پشکنینەکە.
شۆفێرەکە تەمەن بیستو پێنج بەهارێك دەبوو. زەنگی مۆبیلەکەی گیرفانی رایچەڵەکاند. دەریهێنا. تەماشایەکی شاشەکەی کردوو بەووشەی گیان دەستی کردە ئاخاوتن. بەهیچ شێوەیەك لەوشەکانی تێنەدەگەیشتم. بەگۆشەی پێلوی چاوی چەپم تەماشام دەکرد. زۆر بەئاستەمو لەسەرخۆ دەدوا. بەتەواوی گوێی چەپم هەڵخستبوو. زۆرتر وشەی گیانی دووبارەو سێ بارە دەکردەوە. ئاگای لەخۆی نەمابوو. بیروهۆشی بەلای مۆبیلەکەیەوە بوو. لەسەرەتای پردەکەوە زۆری نەمابوو بچێتە ژێر ئۆتۆمبیلێکی بار هەڵگرەوە. زۆر جار بزەخەنەکەی ئەبوو بەپێکەنینو جار جار جارێکیش بەقاقا. بەتوڕەبونێکەوە هاوارم کرد:

*کاکه مۆبیلەکەت داخه بۆ کاتێکی تر. زۆری نەمابوو هەموومان لەناودەی. گوێی بەقسەکانی من نەدا. سەرقاڵی حەزو چێژی مێبازیبوو. لەنێو گۆڕەپانی سحری شەهوەتا ئەسپی حەزو چێژی رمبازێی دەکرد. هەر لەو کاتەدا چاوەکانی گوێزایەوە بۆ ئاوێنەکەی پێشەوەی زەنگی مۆبیلێکی تر رایچەڵەکاندا. تەماشای کرد زەلامێکی رەقەڵی رەنگ زەردی چاودەرپۆقی‌و. تەنکە ریشێك هەردوو لاچەنەی داپۆشیوە. مۆبیلێکی نۆکیای بەدەستەوەیە. تەنها جولاْنەوەی رومەتی دەبینیٚ. قسەکانی گویٚ لێنیە. خۆی گوشی هەرچەندیٚ تەڕی لەگەرویدا بوو قوتیدا. چاوەکانی ئەوەندەی تر ئەبڵەق بوون. ئەبرۆکانی پێکەوە گرێدا. هەستی ئەوەت دەکرد توڕە بووە. مۆبیلەکەی داخستو پاڵیدایەوە. چاوەکانی لەئاوێنەکە نەدەگوێزایەوە. کابرای تەنکە ریش هەتا دەهات رەنگی زەرتر هەڵدەگەڕا. بەدەستی راستا تەماشای کرد. بەسەر تەختەیەکی رەشەوە. نووسراوە پێنج کیلۆمەتری ماوە بۆ زاڵگەی سەرەتایی شارەکە مێشکی دابەشبوو لەنێوان شۆفێرەکەو کابرای گەنەڕیشدا. بیری لەمەرجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی مۆبایل دەکردەوە.

*ئەتوانم بڵێم. لەکاتی نەمانی دڕندە زەبەلاحەکەوە مۆبایلم لەگیرفاندایە هەتاکو ئێستاکە. بۆ کاری پێویست نەبیٚ لەگەڵ کەسدا پەیوەندیم نەکردووە. ئۆتۆمبیلەکەیان زۆر بەقورسی رێی دەکرد. هەستی کرد بەتەواوی لەزاڵگەی پشکنینەکە نزیك بونەتەوە. جارجارێك ئۆتۆمبیلەکە رادەوەستاو جاجارێك دەڕۆیشت. بەلاْم ئەمجارە بەتەواوی راوەستا. زۆر سەغڵەتبوو. دابەزی بەدەستی راستا بەرزاییەك هەبوو.

چەند هەنگاوێك سەرکەوت. بۆی دەرکەوت پتر لەدوو سەد ئۆتۆمبیل لەپێشیانەوەیە. جارێکی تر گەڕایەوە نێو ئۆتۆمبیلەکە تەماشای کرد گەنەڕیشە مل درێژەکەی پشتی لەماوەیەکی کەمدا چەندەها جار تەماشای کاتژمێرەکەی دەکا.

*هەبیٚو نەبیٚ ئەم زەلامە سەرقاڵی کارێکی گرنگە.

هەستی کرد ئۆتۆمبیلەکەیان زۆر بەئاستەم‌و لەسەرخۆ دەجوڵێتەوە.

*تۆ بڵێی بۆچی ئەم ئافرەتەم لەهەموو کارێکمدا بەرهەڵەستیم دەکا..؟

بەتایبەت لەسەفرەکەی ئەمڕۆمدا.

جارێکی تر دابەزی‌و تەماشایەکی ئۆتۆمبیلەکانی کرد. بۆی دەرکەوت تەنها بیست ئۆتۆمبیلێك لەپێشیانەوەیە. یەکێك لەپاسەوانی زاڵگەکە بەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەیانەوە هاتووچۆی دەکرد. چاوێلکەیەکی رەشی لەچاودابوو. پەنجەی بەسەر بەلەفیتکەی تفەنگەکەیەوە بوو. سەرێکی کرد بەئۆتۆمبیلەکەیاندا. تەماشایەکی کابرای گەنەڕیشی کرد. پاسەوانەکە گومابوو. زۆری پیٚ نەچوو دوو پاسەوانی تری لەگەڵ خۆی هێنا. کابرای تەنکە ریشیان لەئۆتۆمبیلەکە هێنایە خوارەوە. هەردوو باڵیان شەتەکدا. لەپاش داگرتنی ئەو بەچەند چرکەیەك تەقینەوەیەکی گەورە روویدا. ئۆتۆمبیلەکەمان هەڵس‌وکەوتێکی کردوو ئاگام لەخۆم نەما. پاش دوو رۆژ چاووم کردەوە تەماشام کرد بەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکەوە راکشاوم. هەردوو لاق‌و دەستێکم پێچراوە. ئاسەواری نەشتەرگەرییەکی گەورە بەسەر سینگمەوەیە. هەستم کرد دوو پەنجەی دەستی چەپم نەماوە.بەلاْم بەهیچ شێوەیەك هەستم بەئازار نەدەکرد. بەچوارلادا تەماشام دەکرد کەسی خۆم بەدی نەدەکرد. تەنها برین پێچەکە نەبیٚ بەسەرمەوە راوەستابوو. زۆری پیٚ نەچوو خەوێك پڕ لەترس هەرەسی بۆ

هێنام‌و ئاگام لەخۆ نەما. لەخەوەکەمدا بووم بەتێڕوازێك‌و لەشەققەی باڵمدا. لەسنوری ڕۆژئاوای شارەکەمدا نیشتمەوە. ئەوەی یەکەمجار سەرەنجی ڕاکێشام لق‌و پۆی دارە زەیتونەکان بوو. کە بەچەپ‌و ڕاستی شەقامەکەدا شکابونەوە. شارەکەم بەشێوەیەکی سامناك دەهاتە بەرچاوم. لەچەند شوێنێکی شاردا دووکەڵی سپی دەبینرا. دووکەڵەکە بەسەر ئاسمانی شارەکەوە کە پەرەی دەکرد. ئاژەڵەکان بەرەو دەرەوەی شار هەڵدەهاتن. بەئاسمانی شارەوە بەشێوەیەکی پەڕوازە لەباڵندە زیاتر هیچ بەدی نەدەکرا. هەستم بەتامی چکلێتی دارچینی دەکرد لەدەمی خۆمدا. بەهیچ شێوەیەك نەمدەوێرا لەدەروازەی شارەکە بچمە ژوورەوە. لەدوورەوە سێ‌و چوار کەسێکم بینی. دووکەسیان بەرەو لای من دەهاتن. کەلوپەلەکانی بەریان زەیتونی بوون. بەتەواوی نزیك بوونەوە. یەکێکیان باڵا بەرزێکی ڕەش مرقن بوو. کەس نەدەوێرا تەماشای نێو چاوانی بکا. ئەویتریان کورتە باڵابوو. لەپێشەوە دوو دگانی نەبوو. هەردووکیان مۆن‌و درژبوون. چەتەوڵەکەیان لەکاتی دواندا ئەمەندە مۆن بوو. لەمۆنیدا ئەبرۆکانی پێکەوە گرێ ئەدا. ئەو کاتەی تەماشای شارەکەم دەکرد. مێشکم ئەبوو بەلانە هەنگ‌و دەرگای دەیان خەیاڵبازیم لێ دەکرایەوە. لەسەنتەری شارەکەوە دووکەڵێکی ڕەشی پێچاوپێچ لولی دەخوارد بەئاسمانەوە. یەکسەر لەوێوە چاوەکان‌و مێشکم گوێزایەوە بۆ لای ئەو دوو زەلامەی کە تازە گەیشتبونە لای من. تەماشام کرد کەللەسەرێکی سەروڕیش هاتوو بەدەستی چەتەوڵە ڕەش مرقنەکەوەیە. بەهیچ شێوەیەك بەتەواوی نەمدەوێرا تەماشای کەللەسەرەکە بکەم. ناچار زۆر بەترسەوە تەماشام کرد. لەترسا هەنگاوێك کشامەوە. ئەمجارە بەتاسوقەوە چاوەکانم هەڵڕوانی بەرەو کەللەسەرەکە.

*تۆ بڵێی ئەمە کەللەسەری ئەوبێ..؟ ئەو لەپێشەوە دوو دگانی درێژی هەبوو. بەدەیان جار من ڕامگردووەو قسانم لەگەڵ کردووە زۆرجار خەڵکی شار ئیرەییان بێ دەبردم. ئەیانگوت:

*ئەم کابرایە بەدەمی کەسەوە ڕاناوەستێ. لەگەڵ تۆدا زۆر جۆرە. خاوەنی ئەم کەللەسەرە کۆلیتە شڕێکی هەبوو لەدەرەوەی شاردا. شەوانە لەوێ دەحەسایەوە. بەڕۆژیش بەردەوام لەدەوروبەری ئەم شارەدا دەسوڕایەوە ئازاری بۆ کەس نەبوو. هیچی لەکەس وەرنەدەگرد تەنها جگەرە نەبێ. دەنگێك لەنزیك کەللەسەرەکەی دەستی ڕەش مرقنەکەوە بەرزەوەبوو. نوشتامەوە ویستم بەتەواوی گوێم لێبێ. دەنگەکە نەما بزەخەنەیەك کەوتە سەر قەیتانەی لێوەکانی کەللە سەرەکە یەکسەر هاوارم کرد.

*خەڵکینە ئەی هاوار ئەمە (حوسە شێت)ەکەی ئەم شارەیە. ئازاری بۆ کەس نەبوو. دەك ڕوتان ڕەشبێ ئەی لەخوا نەترسەکان. سەرێکم بۆ ئاسمان بەرزەوە کردوو هاوارم کرد:

*هەتا کەی لەنێو ئەو دەلاقە بچوکەوە تەماشای تاوانەکانی ئەم گورگ مرۆیانە دەکەی. شریقەی قامچی سێپەل‌و دەنگی تەپڵی دەیها دەیهای ئەم ملوڕانە نابیستی. بروسکەی سمی ئەسپ سوارەکانی. وەرزی خوێن سۆمای چاوەکانی ئەو خەڵکەیان هەڵمژی. دەنگێك‌و دەنگدانەوەیەکی گەورە ئاسمانی شارەکەیان هەژاند. کەللەسەرەکە لەگەڵ قاقایەکدا جوتێ باڵی لێ پەیابوو. لەقوڵایی ئاسماندا توایەوە. هەر لەوێدا ڕاچڵەکام تەماشام کرد بەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکەوە ڕاکشاوم. لەبرین پێچەکە زیاتر کەسی تر نابینم.